Dengekan

# هونەری دەق ئاوێزانی و
# خراپەکاری بەرامبەر شیعر

## زاناسامان

1*(رەخنەی ئەدەب) دیاردەکانی ئەدەبی دیاری دەکاتو هەوڵی دەرخستنی بەهای هونەریو رەسەنایەتی دەدات.

لەنێوان دوێنێو ئەمرۆی ئەدەبیاتو کارو کاردانەوەکانی ئێمەدا، هەمیشەو بەبێ هیچ گوێ پێدانێك، ئیش لەسەر دێری جوانکراوەو دیوارێکی ئاسنین لەبەردەم دەرگای داهێناندا هەڵچنراوەو رێگرانی داهێنان بەردەوام بوونەتە کۆسپ لەبەردەم کارە باشو جوانەکاندا، هەندێك شاعیرانمان هەن کەوا تێکەڵ یاخوود ئاوێتەی ئەو حاڵەتە ناشیاوو ناهەموارە بوون، کە بەوهۆیەوە خوێنەری ئێستا وای لێهاتووە نەزانێت کام کارە بەداهێنان لەقەڵەم بدرێت،یان کام کارە بەهۆی سودوەرگرتنەوە نوسراوەتەوە، هەروەها کام شیعرەش لەیەکێکی دیکە ناچێت.

ئاخر موسیبەتی ئەو شاعیرانە لەوەدایە کەوا بەبێ هیچ بەخۆداچوونەوەو چادێریکردنێکی کارو شیعرو نوسینەکانیان دەکەونە نێو ساتەکانی دەق یاخوود شیعر نووسینو ئیدی بەچ جۆرێك ریتمی بەناو شیعرەکان بگونجێت، بەو شێوەیە دەکەونە تالآنکردنو لەدەق کەمکردنەوەی شیعری ئەو شاعیرانەی پێش ئەوان ناوو ناوبانگیان هەبووە یاخود شیعریان بلاًوکردۆتەوە، بەتایبەتی ئیشکردن لەسەر دەقی شاعیرە بێگانەکان کەپێیان وابووە کەس بەکارە ڤێزەونەکەیان نازانێتو دەبنە دەستپێکی کارە داهێنەرەکان لەنێوەندی ئەدەبیاتی کوردیدا، ئەمانەبوون ئەو هۆکارانەی کەدەشێت زۆرێك لە ئێمە کارمان لەسەرکردبێت، بەلاًم لەهەموو ئەمانە دڵخۆشکەرتر ئەوەیە کە لەئێستادا نەوەیەکی تازە پێگەیشتوو کە جگە لەزمانی دایك چەند زمانێکی دیکەی بیانی دەزاننو کاری وەرگێران

بۆدەقە زیندوو بەناوبانگەکانی بێگانان دەکەن لەپێناوی ناساندنیان بە خوێنەرانی میلەتەکەیان، نمونەش بۆ ئەو کارە ئەوەیە کە خودی خۆم بەهۆی ئەوەی کە تەنها زمانی کوردی دەزانم( سودێکی باش لەکاری وەرگێران وەردەگرم )، ئالێرەدا کەباسی سودوەرگرتنی خۆم دەکەم لەو کارەدا مەبەستی **خستنە نێو کەوانەی ئەوەیە کەسودەکە دەبێت بۆکارێکی وەك ئەم لێکۆڵینەوەیەی من بێت نەوەك لەدەق کەمکردنەوە.**

هەروەها هەندێکیتر کەبەئاگان لەو دەقانەی بلاوکراونەتەوە، کاتێك لە کارێکی وەرێگراندا یاخوود دەست نیشانکردنی تەوەرێك بۆ ئەو ئەدیبە ناودارانەی لەدەرەوەی سنوری ولاًتەکەی ئێمەدان، دێتە ئاری بلاًوکردنەوەوە بەتایبەتی لەنێو کارە شیعرییەکاندا، خوێنەری بەئاگا دوای خوێندنەوەی ئەو کارە باشو هەنوکەییانە، دەکەوێتە نێو گێژاوێك کەبە هۆیەوە درك بەچەندین حاڵەتی نائاسایی دەکاتو لەمیانەی خوێندنەوەکەدا تەواوی ئەو کارانەی کە پێشتر بەکاری جوانو داهێنەرانە لەزەینیدا چۆتە خانەی کاریباشەوە، ئاشکرا دەبێتو ئیدی لەو کاتو ساتە وەختەدا خوێنەری راستەقینە ئەو خوێنەرەیە کەنەیەڵێت کارە ناشیاوو ناپەسەندەکان بەسەریدا بازبدەن.

ئەمانەی کەپێشتر باسم لێوەکردن، بۆزیاتر گرنگیدانبوو بەو لێکۆڵینەوە بەراووردکارو شیکارییەی کەکارم لەسەر کردووە، خوازیارم کەئەو شاعیرانەی بەر قسە لەسەرکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە کەوتوون، ئەو قسەیە لەناخیاندا چەکەرە نەکات کە(رەقە) یان بگووترێت:ئامانجی ئەم کارە بۆکەمکردنەوەلێدانە، بەپێچەوانەوە ئەم کارە بۆ ئەوە کراوە کە هێندەی تر گرنگی بە دەقو شیعرەکانیان بدەنو ئیدی لەژێر کاری سودوەرگرتن یاخود دەق ئاوێزانی نەنوسنو دەربازیان ببێتو هەوڵی هەرچی زووترە بخەنەگەر لەپێناوی داهێنانو نوێگەرایەتیدا

گۆرانکارییەکی ریشەییو گەیشتن بەو کارە جوانو خۆرسکانەی بەداهێنان دەژمێردرێت.

لەیەکێك لەدەقەکانی شاعیر( ئیدریس عەلی )

کە ناوی دەقەکەی2*(مردن لەژیان دەبورم) وە لەسەرەتای ساڵی 2003 لە دووتوێی دیوانێکی خنجیلەدا بلاًوکراوەتەوە خودی دەقەکەش کەوتۆتە لاپەرە 51ی دیوانەکەوەو

دەڵێت:

دایکم دەمبورێت لەدووری/ دەمبورێ لە جارجارە چونم بۆ سەرقەبران

لێرەدا ئەوەی پێویستە زۆر بەکەمی شرۆڤەی لەسەر بکەم ئەوەیە کە دەق ئاوێزانی کارێکە بۆ هەمیشە ئەوەی کاری لەسەر کردووە لەبەردەم دەرگایەکدا دەوەستێت کە کردنەوەی گەلێك مەحاڵە، مەبەستم لەم کارەش ئەوەیە کە بەهەمان ریتمی شیعری کاری لەسەر کراوە،

**نمونەش بۆ باسەکەم ئەوەیە کە شاعیر(هێمن حەمە جەزا) لە دیوانەشیعری (هەمیشە ئەم گۆرانیە دڵم پردەکات)داو لە لاپەرە181داشیعرێکی بەناوی**

(من.. چیرۆکەوانی دەریام)و لە لاپەرە 183دا هەمان ریتمی بەکار هێناوەتەوەو

دەڵێت

ئەبێ دایکم بمبەخشێ / کە نەتوامن عەسرێك لەلای بمێنمەوە

من لێرەدا پرسیارێك ئاراستەی خوێنەرانو رەخنەگران دەکەم.. ئەویش ئەوەیە کە ئاخۆ ئەم کارە بەچی لەپێنوس دەدەن، بەکاری دەق ئاوێزانی یاخود لێکچون یاهەر کارێك، کە قەناعەتێکی جدیم پێی هەبێت، چەنکە ئەوەندەی من لە کاری رەخنە تێگەیشتبێتم ئەم شێوە کارانە، لەزۆرینەی لێکۆڵینەوەکاندا بەکاری دەق ئاوێزانی لە پێنوس دەدەن کەدەکاتە دزینی دەق.

دەپرسم ئاخۆ ئەم شێوە کارانە لەدەقی باشو بەپێز کەمناکاتەوە، شورەیی نیە ئێمەی شاعیر کار لەسەر دەقێك بکەین کە خوێنەر بزانێت موڵکی خۆمان نیە.

بەڵام زۆر جارو لەزۆر شوێن گوێبیستی ئەوە بووم کە گوایە بەهۆی ئەوەی ئێمەی نووسەر یاخود ئەدیب لە ولاتێکدا دەژین کە دوور نیە بەهۆی لێکچوونی ناخۆشیەکانمانەوە دەقەکانمان لە یەك بچێت یان لەیەك نزیك بێت، باشە بە هەموو رەخنەگرانو خوێنەران دەڵێم کە ئاخۆ ئەم شێوە باسکردنانە نابێتە هۆی شورەیی بۆ ئێستای ئەدەبیاتی کوردی لەمێژوودا، یان کارناکاتە سەر ئەو کارانەی کەدیکەن لەپێناوی خۆیی بووندا.

**لەشوێنێکی تری ناو دەقەکەی( ئیدریس عەلی)داو هەر لەلاپەرە 51دا هاتووەو**

دەڵێت:

مامۆستا دەمبورێت / لە دەرەنگ چونە قوتابخانەم

بۆجارێکیترو بەبێ گوێدانە هیچ پرەنسیپێك کە دەبێت خوودی ئەدیب رێنوێنی بکات، یاخوود ئەو کارانەی کە ئیشی من لەوی ئەدیب جودا دەکاتەوە هەبێت

شاعیر(هێمن حەمە جەزا) کاری لەسەر کردۆتەوەو دەق ئاوێزانی تێدا کردووە، ئیدی بەبێ ئەوەی شتێك لەبارەی هەڵەوە بزانێنێتن وە ئەگەر زانیبێتیشی حساباتێکی وەهای بۆ نەکردووە کە ترسو هەلچە لەبەردەم کارەکەیدا ببێتە رێگرو

دەڵێت:

ئەبێ مامۆستا بمبەخشێ / لەنەچونەوەم بۆ قوتابخانە

لێرەدا ئەو شتەی کە دەبێتە هۆکارێك بۆ جودایی دێرە شیعریەکە بە تەنها ئەوەیە کە (دەمبورێت)ی کردووە بە( بمبەخشێ) ئەگەرنا هیچ جۆرە جیاوازیەکی تر لەم دوو دێرە شیعریەدا بەدیناکرێت، هەتا بەشێوەیەکی ترو لەسەر هۆکاێکی تر لەسەری بدوێین، بەلأم بۆ ئەوەی کە خوێنەران هێندە بەکارەکەمەوە ئاڵۆز نەکەم زۆرێك لە پرسیارەکانم بۆ ئەوان بەجێدەهێڵمو خوازیارم کە لەمن باشتر شرۆڤەو خوێندنەوەی بۆ بکەنو بیخەنە کایەی بلأوکردنەوەوە، بۆ ئەوەی چیتر منی شاعیر لەکاتی نوسینی شیعرێکدا هانا بۆ کارە شیعرییەکانی پێش خۆم نەبەمو لەدەقەکانی پێش خۆم کەم نەکەمەوە لەبەر ئەوەی هەموان دەزانین دەبێتە لەنگەر لەبەردەم هەر داهێنانێکدا.

لەشێنێکی تری دەقەکەی ئیدریس دا هاتووەو

دەڵێت:

لەدزینی دڵی کچێکی هاوێم / کاتێ خەیاڵ لەپۆلدا ئابلۆقەم دەدات

دەمەێت بلێم کە هەرگیز نەلە هێمنو نەلە ئیدریس خۆش نابمو نابورم، لەبەر ئەوەی هێندە سەغەڵەتیان کردووم بەم کارەوە کە هەرگیز بەکاری خۆمی نازانم، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە شتێك بەناو رەخنەگرمان هەیە بەلأم ئەوان ئەوەندەی بۆ نوسەرە ناودارو بەناو گەورەکان کاریە رەخنەیی دەکەن خوێندنەوەو شرۆڤەیەکی بابلێین زۆر مامناوەندی بۆ نوسەرانی یاخود ئەدیبانی دیکە ناکەن، کە ئەو جۆرە کارەشیان لە مێژوودا دەبێتە کارێکی پڕ لەشوورەیی.

ئاخر جێگەی سەر سورمان نیە کە لە دەقەکەی (هێمن حەمە)دا بەهەمان ئەو کارانەی کەپێشتر ئاماژەم پێدن کاری لەسەر کردۆتەوەو بەکاری هێناوەتەوەو

دەڵێت:

لەخەیاڵ رۆیشتنم لەپۆلدا / بۆلای یارو/ لەنەکردنی سلاوێك

لێرەدا جگە لە تێك هەلچنینێكو گەمە کردن بە ووشە هەست بەهیچ جیاوازیەکی ئەوتۆ ناکرێت کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارێکی قێزەونو ناشیاوو

ناشرینە لەهەر ژانرێکی ئەدەبیدا، گرنگترین شت ئەوەیە کە تکا لە نوسوران‌و ئەدیبان دەکەم لەکاتی بلاْوکردنوەی هەر بابەتیچکیان ئاماژە بە بەرواوری نوسراوەکەیان بەکەن بۆ ئەوەی ئێمەی نوسەر بەهۆی هەچ کارێکی وەکو ئەمەی بەردەستدان تووشی ناڕەحەتی‌و شۆك نەبین‌و بۆ کاتی رەخنە گرتنیش ئەو بەرواره ببێتە کارئاسانی لە کارەکەمانداو تووشی دلە راوکێ‌و دوو دلی نەبین.

⋆1لە یەکێك لە بابەتە بەپێزەکانی (د/ کەمال مەعرووف )وە وەرگیراوە لە گۆڤاری رامان ژمارە106 بەناوی تیۆری ئەدەبی

2⋆ ئەم دەقە بەهۆی ئەوەی بەرواری نوسین یاخود بلاْوکردنەوەی لەدیوانەکەدا ئاماژەی پێنەدراوە پەیوەندیم بە خاوەنی شعیرەکەوە کردوو پێی ڕاگەیاندم کە لەسالی 2002 نوسراوەولە سالی 2003 لەدیوانەکەدا بلاْەکراوەتەوەدا بلاْوکراوەتەوە.